# موقتەدای شەڕەنگێزو ئەمریکای دۆڕاو ..!

**کەمال ڕەئوف**

ماوەی چەند ڕۆژێکە تارمایی شەڕێکی خوێناوی ئاسمانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی داگیر کردووە , موقتەدای سەدر کەبەڕووکەش وەك لایەنێکی ناوئەم شەڕە دەردەکەوێت , بەلاّم لەڕاستیدا لەم پشێوییەدا تەنها ئەوەدەورە ناشرینەی بەرکەوتووە کەبەناوی ئازادکردنی خاکی عێراق وپاراستنی ئاینەوە , بەئەنقەست و بەدەست لەپشتدان و کۆمەکی دەرەکی نەوت بکات بەم ئاگرە ترسناکەدا، ئەو کەبەخەیالّی خۆی ئەزموونی سالّەکانی پێشووی لوبنان لەئێستای عێراقدا دووبارە دەکاتەوەو خۆشی لەئاکامدا دەبێتە حەسەن نەسروولاّی عێراق و لەپشتی پەردەی دەسەلاّتی حوکمەوە حکومەتمەتێکی ملیشایی مەزهەبی بەهێزتر لەحکومەتی مەرکەزی لەعێراقی یەکپارچەدا دروست دەکات .

ئەو کەلەئێستادادەیەوێت بەودروشمە ڕەنگاو ڕەنگانەی کەبەرزی کردۆتەوە ولەناوەرۆکدا پریەتی لەبوغزی ئاینی و ناسیونالیستی عەرەبی , دەخوازێت لەناوچەکەدا هەم قارەمانێکی ناسیونالیستی عەرەبی بێت و هەم لەعێراقیشدا ببێتەکەسی یەکەم و گەورەی ناومەزهەبی شیعەو ئاینی ئیسلام , دیارە هەرلەسەرەتای گەمەکەوە ئاشکرایە ئەگەر ناسیونالیزمی عەرەبی ڕیشی خۆیان بدەنە دەست کەسایەتیەکی نەشارەزاو توونددڕەوی وەك موقتەدا , ئەوا بەدلّنیاییەوە , ئەویش هەمان ئەو تراژیدیایە بۆنەتەوەی عەرەب دووبارە دەکاتەوە کەلەسەر دەستی سەددام حسین بینیان شکستێکی تر دەدات بەکۆلّیاندا , وەلەلایەکی تریشەوە ئەگەر موقتەدا ببێتە قسەکەری ئیسلام و مەزهەبی شیعە لەعێراقدا , ئەوادیسانەوە ئەو ئاکامە خوێناویە چاوەڕێی خەلّکی عێراق دەکات کە فەلەستینیەکان لەچەندسالّی ڕابردوودا لەسەر دەستی حەماس بینیانەوەو خۆشی چارەنووسی لە چارەنووسی ئەحمەدیاسینی ڕابەرو دامەزرێنەی ڕێکخراوەی حەماس باشتر نابێت .

موقتەدا کەبەجارێك باوەشی کردووە بەهەموحەزوو ئارەزووە نێرجسیەکانی خۆیدا لەلایەك بەدژایەتی کردنی فیدرالّیەت و کورد دەیەوێت سۆزی

ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و وە لەلایەکی تریشەوە بەناوی مەزهەبی شیعەو ئاینی ئیسلامەوە دەیەوێت سۆزی خەڵکی ئیسلام و وولآتانی ناوچەکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و شەڕێکی گەورە لەنێوان هەموولایەنەکان ومەزهەبەکاندا بنێتەوە, ئەو شەڕەی کەئەونەوتی پیادەکات و بەجیهادی لەقەڵەم دەدات جگەلەوەی کەململانێیەتی ئیسلامی سیاسی توندڕەوانەیەو بۆ دەسەلآت و حساب لەسەر خۆکردنە , لەهەمانکاتیشدا شەڕێکی کۆنینەی ناو مەزهەبی شیعەیەو ئەویش دەیەوێت لەگەمەکانی ناو باڵە جیاوازەکانی شیعەدا دوانەکەوێت بەشی گەورەی بەربکەوێت , ئیتر بۆ ئەم شەڕە هەم پێویستی بە سەرنج ڕاکێشانی وولآتانی دراوسێیەو هەم پێویستی بەکۆمەك و هاوپشتی باڵە ئیسلامیە دەرەکیەکانە , دیارە لەناو خۆشدا توانای گردو کۆکردنەوەی بەعسیە پەراگەندەکان وگروپەئیسلامیە توندڕەوەکانی هەیەو دەشیەوێت پەلکێشیان بکات بۆژێر باڵی خۆی .

بەپێی بۆچوونی هەندێك لەچاودێران کەلایان وایە , موقتەدا دەیەوێت ئاگری شەڕی ئەهلی لەعێراقدا هەڵگیرسێنێت و لە گۆمی لێڵدا ماسی بگرێت , لەلایەك دەیەوێت هەم دەسەلآت لەچنگی مەجلیس حوکمەکەی ئێستا دەربهێنێت ولەلایەکی تریشەوە دەیەوێت هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا ناچار بە پاشەکشە بکات , ئەمریکاش وەك هەنگاوی دووەمی شەڕی دژی تیرۆرو دوای گرتنی سەدام وبۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی عێراق , دەیەوێت بەناوی دادگایکردنی سەرپێچیکەرانی یاساو گرتنی بکوژانی ئایەتولآ خوئیەوە , هێزە ئیسلامیەکانی عێراق نینۆك بکات و لەڕێگەی دەست لێوەشاندنی موقتەداوە دەرسی ئەوانەش دابدات کە تەنانەت لەناو مەجلیسی حوکمەکەی خۆشیدا بەشدارن , ئەمە جگەلەوەی کە دەیەوێت لەعێراقدا دەسەلآتێکی دیکتاتۆری بەهێز و نەیار بەهێزە ئیسلامیەکانی ناوچەکەو جیهان جێگربکات , بەلآم ئەمریکاش , هەرچۆن لەپێشبینیەکانی پێشوویدا بۆ عێراق بەهەڵەدا چووبوو کەوای دەزانی خەڵکی عێراق لەدوای دەسەلآتی سەددام گوڵبارانی هێزە سەربازیەکەی دەکەن , ئەوا ئەم جارەش بەهەڵەدا چووە گەر وابزانێت بەکوشتن و گرتنی موقتەدای سەدر گیانی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەو عێراقدا ڕیشە کێش دەکات , چونکە

ڕووداوەکـانی چەندسـاڵی ڕابـردوو ئـەوەی بـۆ هەموولایـەك ئاشـکرا کـرد کەچارەسەری گرفتی توونڕەوی و تیرۆریزم لەجیهاندا , پێش ئەوەی پێوویستی بەبـەکارهێنانی هێـزی سـەربازی هـەبێت , ئـەوا پێویسـتی بـە هێنانـە ئـاراوەی کەشوو هەوایەکی دیموکراتیانەیە لەنێوخەڵکدا .